# لێکسیکۆ-سیمانتیکی وشە لە ئەدەبی کوردیدا

**پ.ی.د. شیلان عومەر حسێن**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی زمان**
**بەشی کوردی**

**پێشەکی:**

لێکسیکۆ-سیمانتیك، لە لایەنەکانی لێکسیکۆلۆژیوسیمانتیکی وشە دەکۆڵێتەوەو تێکستەکان بۆ کارەکیکردنو پاسادانی دەهێنێتەوە، لەم لێکۆڵینەدا بنەمای تیۆری سیمانتیکی فەرهەنگیی درکپێکردن بۆ شیکردنەوەی وشەکان پەیڕەوکراوە، سەرەوڕیزبوونی یەکە سەرەکییەکانی بابەتەکە، شێوازوچۆنێتیو پەیکەری توێژینەوەکە دیاریدەکات، لە ئێستادا بایەخبەندییەکی فراوان، بە لێکۆڵینەوە لە یەکەی فەرهەنگیی، وەك ئاستێکی کرۆکی لە زانستی زماندا دەدرێت، ئەمەش بۆ پێگەو جێکەوتەی ئەم بابەتەو ڕۆڵوهەژموونی بەسەر ئاستەکانی تری زماندا دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تریشەوە یەکە فەرهەنگییەکان بە بنەڕەترین یەکەی واتایی لە زماندا دانراونو یەکەی پێکهێنەری لێکسیکۆنیشن، لێکسیکۆنیش بە زمانی ناوەکیی، یاخود بەسەرچاوەو کۆگەو گەنجینەی کۆزانیاریی مرۆیی پەسنکراوەو ئاخاوتنو گوزارشتو دەربڕینەکانمان بەرجەستەکەری ئەون، لەمڕوانگەیەشەوەیە دەتوانین لەڕێی وشە دەربڕاوەکانەوە بڕۆینە ئاوەزو لێکسیکۆنی ئاخێوەرانو دنیابینیو پەیبردنو تێڕامانەکانیان پەسنبکەین، بۆیە لێکسیکۆ-سیمانتیکی درکپێکردنی وشە بە ڕێگای سەرەکیو بنەڕەتی دەستنیشانکردنی ئاوەزمەندیی ئاخێوەرانی دیاریکراوە.ئامانج لە پاسادانی ئەم لێکۆڵینە بە هێنانەوەی نموونەی ئەدەبیی، لەلایەك بۆ دەستنیشانکردنی چۆنێتی پەسنکردنی بیرکردنەوەو تێڕامانو پەیبردنەکانمانە، لەلایەکی تریشەوە بۆ پەسنکردنی ئاستی بیرکردنەوەو پەیبردنو ئاوەزمەندییو درکپێکردنی شاعیرانە بە بەراورد، بە بیرکردنەوەی جڤاتی ئاخێوەرییو سەردەمییانە لەلایەکی ترەوە، بۆ ئەمەش ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنی گیراوەتەبەر.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەكەم: بنەمای لێكسیكۆ-سیمانتیك لە زماندا:

### ١/١) لێكسیكۆ- سیمانتیك:

لێكسیكۆ-سیمانتیك، زاراوەیەكی لێكدراوەو لە وشەكانی لێكسێك، كە لە (لێكسیكۆن[*]/فەرهەنگی ئاوەزیی)،(سیمانتیك[**]) پێكهاتووەو مامەڵە لەگەڵ لێكسیكۆنی زماندا دەكاتو بریتیە لە لێكۆڵین لە واتای ئاوەزیی(پەیپێبراو)ی دەربڕاوە زمانییەكان، لێكسیكۆن/فەرهەنگی ئاوەزیی، بە واتا ((«وشەنامەكەی ناو مێشكی مرۆڤ»، دارِشتەی سایكۆلۆژیی‌و كۆمەڵناسیی‌و كلتوری‌و... زانیارییە لێكسیكییەكانە))[١]، لێكسیكۆن، ئەو جێكەوتەیەیە لە یادگەی درێژ-خایاندا، "كە زانیارییەكان بۆ ماوەیەكی درێژ(لە یەك خولەك-تا كۆتایی تەمەن) تێدا دەمێنێتەوەو بەردەوامدەبێت"[٢]. زاراوەیەكە بۆ چۆنێتی «ڕێكخراوەیی ئاوەزیی گەنجی وشە»ی مرۆڤ دیاریكراوە. لە زانستی زماندا لێكسیكۆن بە پێڕستی لیستی یەكە فەرهەنگییەكان ناسێنراوە، یان لێكسیكۆن، بریتییە لەو كۆگایەی، كە تایبەتێتی‌و خەسڵەتی زمانیی‌و نازمانیی كەرەستە بنەڕەتییەكانی زمانی تێدا تاقتكراوە، یاخود بریتییە لەو كۆزانیارییەی هەموو قسەپێكەرێكی زمان دەربارەی زمانەكەیان دەیزانن، بەو واتایەی لێكسیكۆن گەنجینەی هەموو زانیارییە زمانیی‌و نازمانییەكانە(ئەزمون، دنیابینی، پەیبردن، سەرنج‌و تێڕامان، تێگەیشتن، زرنگیی...)، كە لەدەروازەی زانیاریی یەكە فەرهەنگییەكاندا پێڕستكراون، هەر بۆیە لێكسیكۆن بریتی نییە لە كەڵەكەبوونی وشەكان‌و لەمڕوانگەیەشەوە بە سیمانتیكی دركپێكردنەوە پەیوەستكراوە، لەم زانستەدا وشەو واتای وشە بۆتە جێی بایەخبەندیی بنەڕەتی‌و سەرەكی لێكۆڵینەوەكان، لەبەرئەوە خستنەڕووی بچوكترین یەكەی فەرهەنگیی، كە بچوكترین یەكەی واتایشە(گەنجی وشە/لێكسێم)، بۆ هەڵگواستن‌و هەڵهێنجانی واتای ئاوەزییە، لێكۆڵینەوە لە لێكسێم وەك هایپۆنیمێك، لێكۆڵینەوەیە، لە گەنجی وشەی زمانێك بەهەموو ئەدگارو ڕوكارو تایبەتییەكانییەوەو پەسنكردنی دەروازەی زانیاری فەرهەنگییانە، كە ئەمانە بە زمانی ناوەكیی یان فۆڕمی ناوەوەی زمانی، یان كرۆكی زمان ناسێنراون‌و یەكە فەرهەنگییەكانیش پەیپێبراوی ناواخنین‌و واقیعی جیهانی دەرەوە دەنوێنن، بە واتای ئەوەی دنیای نێوان زمانیی پەیكاڵی فۆڕمی ناوەوەی زمانە، كە ئەمە وزەو هێزو كاریگەرەو شێوەی ناوەوەی ئەو هێزەش«جۆری بیرو شێوەی بیركردنەوە» دادەڕێژێت[٣]، بە واتای ئەوەی ناوەڕۆكی هەر یەكەیی فەرهەنگی/گەنجی وشە، كۆگەو گەنجینەی جۆری بیرو هەستودنیابینی‌وئەزموون‌وپەیبردن‌ودرككردن‌ودابونەریت‌وشارستانێتیی‌وژیاری‌و...تاد،تێدایە، زادەی تەمەن‌و

---

[*] لێكسكۆن زاراوەیەكی ئاستی لێكسیكۆلۆژییە، بە پێگەو جێكەوتەو كۆگاو گەنجینەی پڕاوپڕی وشەو دەربڕاوە زمانییەكان دانراوە، لەمەشەوە زاراوەی لێكسیكۆن لە ڕەگی وشەی لێكسس/لێكسێمەوە هەڵگوازراوە.ئەمیش بە واتای یەكە فەرهەنگییەكان لە زماندا دێن.

[**] زاراوەی (سیمانۆ)، كە بە مانای (واتا) دێت‌ولە گریكییەوە (٤١ )وشەی لێداڕێژراوە، ئەو زاراوانەش زۆرینەی بەكارهێنانەكانیان لەگەڵ ئەدەبدا تێكچڕژاون، لەبەرلێڵی وفراوانی‌و سركی ئەم بابەتە، ئاسان نییە، بە دیاریكراوی پێناسەیەكی وردی بۆ بكەین، هاتنەئارای هەموو قوتابخانەو تیۆرو ڕێبازەكان، بۆ ڕونكرنەوەی لێڵی‌و دەستنیشانكردنی واتایە.

[١] محەمەدی مەحویی(٢٠١٠: ٥٣).

[٢] بڕوانە ناهیدە رحمان خەلیل(٢٠١٣)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەكارهاتوون.

[٣] بڕوانە محەمەدی مەحویی(٢٠١٠)



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەزموون‌و ژیاریی نەتەوەو گروپ‌و خودگەرایی مرۆڤەکانیشی تێدا پارێزراوە، شیکردنەوەی یەکە فەرهەنگییەکان‌و پەسنکردنی زانیاریی زمانیی‌و نازمانیی دەچێتە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە.

## ٢/١ ) بنەمای زانستیی :

زانستی زمانی درکپێکردن[٤]، نوێترین قوتابخانەیە لەبیری زمانەوانیی‌و کارەکیکردنیدا، بایەخبەندیی یەکەمی‌و سەرەکیی ئەم زانستە بریتییە لە پشکنین‌و شیکردنەوەو توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ و مێشك/ئاوەزو ئەزموون‌و تاقیکاری‌و لێهاتوویی‌و شارەزایی کۆمەلآیەتی‌و کلتوری‌وفیزیکیی...تاد،. ڕەگ‌و ڕیشەی ئەم زانستە بۆ درکپێکردن‌و ئاوەزمەندیی زانستەکانی ترو بەتایبەت درکپێکردنی دەروونناسی دەگەڕێتەوە. ئەم زانستە دوو ڕاسپاردەی سەرەکیی لە جێبەجێکردنی پرۆژەی کارەکانیدا داناوە، کە پەنامەکی لە هەریەك لە سیمانتیکی درکپێکردن‌و ڕێزمانی درکپێکردن‌و پرۆژەی درکپێکردندا هەن، ئەوانیش[٥]:

١. ڕاسپاردەی گشتاندن/ گشتوەگیریی: بنەمای گشتاندن هەموو لایەنەکانی زمانی مرۆڤ دەگرێتەوە. بەوەی پشکنین بۆ چۆنێتی کۆزانیاری زمانیی دەکات، کە چۆن بەهەموو ئەدگارو تایبەتێتی جۆراوجۆرەوە، لەلایەن توانستی درکپێکردنی مرۆڤەوە دەنوێنرێت. گرنگی ئەم بنەمایەش لە لێکۆڵینی زماندا بۆ:ا. لێکۆڵینی زانستی زمانی درکپێکردن دەگەڕێتەوەو جەخت لە خاڵە هاوبەشەکانی زمان دەکاتەوە.ب. ئەم زانستە بە شێوازی ستوونی زیاتر وەك، لە ئاسۆیی لە زمان لێکۆڵین دەکات. ئەمە وامان لێدەکات کە پشکنین بۆ بنەماکانی دروستەی زمان بکەین.

٢. ڕاسپاردەی درکپێکردن: لێرەدا هەموو ئەو ئەدگارو تایبەتێتی‌و بنەما گشتیانەی زمانمان پێشکەشدەکات، کە زادەی مێشك‌و ئاوەزو کارلێکەکانی ترێتی.ئەمە پێماندەڵێت کە دەبێت بنەماکانی زانستی زمان ڕەنگدانەوەو کاردانەوەی درکپێکردنی مرۆڤ و هەموو زانستە درکپێکراوەکانی وەك فەلسەفە، دەروونناسی، دەمارزانی...تاد، بن، ئەم بنەمایەش ئەم لێکەوتە بەرجەستەکراوانەی هەیە:ا. تیۆری زانستی زمان ناتوانێت ئەو دروستەو کردانە لەخۆبگرێت، کە پێچەوانەی تایبەتمەندیی پێڕەوی درکپێکردنی مرۆڤن.ب. تایبەتییە درکپێکراوەکانی مرۆڤ، دەتوانن ببنە پەسنکەری دیاردە زمانەوانییەکان‌و ڕونکەرەوەیان‌و بە پێچەوانەشەوە.

زانستی زمانی درکپێکردنی جێبەجێکەرانە خۆی لە سیمانتیکی درکپێکردن‌و ئەو ڕێبازانەی کەشیکردنەوە ڕێزمانییەکانی پێدەکرێت دەبینێتەوە، هەرچی سیمانتیکی درکپێکردنە، گرنگی بە پشکنینی پەیوەندی نێوان لێهاتوویی/ ئەزموون، پێڕەوی چەمکیی، دروستەی سیمانتیکی ،کە لەلایەن زمانەوە بە کۆدکراوە، دەدات، بە تایبەتریش پشکنینی نواندنی کۆزانیاری (دروستەی چەمکیی-Concept Structure )و پێکهاتەی واتا(بە چەمککردن-Conceptualization ). لەمەشەوە سیمانتیکی درکپێکردن، خۆی بە پشکنینی پەیوەندی ئەزمون، پێڕەوی چەمکی دروستەی سیمانتیکی، کە بەهۆی زمانەوە کۆدکراوە خەریکدەکات، ئەم تیۆرە زمان

[4]yvyan Evans, Benjamin K. Bergen and Jörg Zinke(2012: 12).

[٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەك هاوێنەیەك پەسندەكات، كە دەتوانێت تایبەتیە دركپێكراوەكان لە ناویدا بپشكنێت. ڕێزمانی دركپێكردنیش دەیەوێت پێڕەوی زمان(ڕێزمانی ئاوەزیی)، بە نموونەیی بكات.

سیمانتیك[٦] لەم تیۆرەدا بۆ دابەشكردنێكی نوێ پۆلێنكراوە[٧]، كە ئەوانیش پێكهاتەی واتاو نواندنی كۆزانیارییە، جیا لە پۆلێنكردنە باوەكانی پێشوو.

سیمانتیكی دركپێكردن لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراوە، كە واتای فەرهەنگیی بە چەمككراوە(واتا پەیكاڵی ئەو چەمكەیە كەلە ئاوەزدا لەئەنجامی تێگەیشتنەوە بەرهەمدێت)، كە دەڵێین (هەموو ساوایەك شیردەخوات)، ئەم ڕاستیە جیا نابێتەوە لە كۆزانیاریی ئینسكلۆپیدیا/دانشنامەییمانەوە و ناتوانین تەنیا وەك ڕاستییەكی دیاركراوی بەكارهێنانی زمان مامەڵەی لەگەڵدا بكەین. لەمەشەوە كۆزانیاریی زمانیی بەشێكە، لە كۆزانیاریی دانشنامەییو لەوەوە وەرگیراوە ئەمەش لە مۆدێلی نموونەی بنچینەییدا دیاریكراوە.

لێكسكۆ-سیمانتیكی دركپێكردن بریتییە لەلێكۆڵینەوەیە لە واتای زمانەوانی یەكە فەرهەنگییەكانو گرنگیی بە واتای وشەو یەكەی سینتاكسی گەورەتر لە وشە دەدات، هەر لەمڕوانگەیەشەوە سیمانتیك بە لێكۆڵینەوەی فەلسەفیو زانستیو دەروونییو كلتوریو ژیارییو ئەزموونیو...تاد، لە واتا پەسنكراوە. لێكسیكۆ-سیمانتیكی دركپێكردن، لە دوو ڕوانگەوە زمان پەسندەكات:

یەكەم[٨]: زمان وەك سەرچاوە، بە كرۆكی زانستەكان دانراوەو لەم ڕوانگەیەشەوە بە بابەتی فرە زانستی زمان ناسێنراوە. ،كە ئەمەش نرخاندنی نوێی بۆ پەسنكردنی زمان هێنایەكایەوە، بەوەی زمان(بە ئاڵۆزییو تێكچڕژاویی پێڕەوو پێكهاتەو پەیوەندییەوە)، بە نوێنەروگەنجینەو كۆكەرەوەی ڕاستەقینەی پێكهێنە دەروونییو كلتورییو دنیابینیو ئەزموونی... پەنهانییەكانی مرۆڤ دانراوە، كە خۆی لە (پەیوەندی زمان بە بیروبیركردنەوەو كۆزانیاریو لۆژیكوتێڕوانین و... تاد)دا دەبینێتەوەو كاردانەوەكانێتی لە دەرەوەی مرۆڤدا.

دووەم: زمان وەك هۆكار، بە گرنگترین ڕێگە بۆ پەیبردن دیاریكراوە، بەوەی زمان تاكە هۆكارە، كە پێیەكی لە مێشكو ئاوەزی مرۆڤدایەو پێیەكەی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیە بەیەكترییەوە، بۆیە زمان هەم هۆكارو هەم سەرچاوەشە. زمان بەم دوو ڕەهەندە لە بابەتی لێكسیكۆ-سیمانتیكدا كاری لەسەردەكرێت، بۆ ڕونكردنەوەی ئەمەش چوار بنەما ڕێبەری سیمانتیكی دركپێكردن دەكەن، كە ئەمانەن:

١. دروستەی چەمكیی، بەرجەستەكراوە.

دروستەی چەمكیی[٩] هەموو زانیارییە زمانی و نازمانییەكانی ئاوەزی مرۆڤ دەگرێتەوە. لەمەشەوە خودی چەمك زمانی ناوەوەو زمانی دەرەوە دەگرێتەوە، چەمك ئەو هەبووانە/یەكانەیە كە لە مێشكی مرۆڤدا هەن و بەهۆی

---

[٦] سیماتیكی دركپێكردن، وەك قوتابخانەیەك لەم ڕێبازوتیۆرییە سەرەكییانە پێكهاتووە:

ا. نموونەی بنچینەیی. ب. بە چەمككردن. پ. میتافۆڕ. ت.تیۆری نەخشە وێنەییەكان. ج. سیمانتیكی چوارچێوەیی.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، Cristiano Broccias(2012).

[7] www.wikipidia.com

[٨] شیلان عومەر حسێن(٢٠١٥: ٧٥–٧٦).

[٩] بڕوانە:ا. شیلان عومەر حسێن(٢٠١١: ١٢٥). ب. نەریمان حەسەن حەمەكەریم(٢٠١٥: ٥٤).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چەشنەکانی زمانەوە دەگەیەنرێن. چەمك کۆی گشتی ئەو زانینەیە، کە وشەیەك هەیەتیولە مێشکدا هەڵگیراوە، ئەم بنەمایەش بەواتای ئەوەی شیکردنەوەی واقیع، بەپێی چۆنێتی تێڕوانینو دنیابینیوبەرجەستەکردنەکانی ئێمەیە بۆی، واتا کۆنکرێتکەری تێڕوانینی مرۆڤە لەسەر جیهانی واقع، نەك سروشتی خودی هەبووەکە لە جیهانی دەرەوەدا، لەمەشەوە کۆنکرێتکەرو بەرجەستەکەری چەمکی وشەیە"بۆ دۆزینەوەو چۆنییەتیو سروشتی کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا"[10]، چۆنێتی پەیبردنمان بۆ سروشت ئەزمونەکانیشمان دەگۆڕێت، بۆ نموونە پەیبردنی کەسێکی بینا هەمبەر بە نا-بینا، توخمی مێ هەمبەر بە نێر، بوونو جیاوازی لە بینین یان هەر هەستەوەرێکی تر، پەروەدە،... جیاوازی لە تێڕوانینو پەیبردنو دواتر ئەزمونیش دەردەخات، لەمەوە یەکێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردن، دیاریکەرو سروشتو چوارچێوەی ئەزمونی هەستەوەرەکانمانە، بۆیە دەتوانین قسە لەسەر پەیبردنەکانمان بکەین، کە لە چۆنێتی بەرجەستەکردنی ئەزمونەکانمانەوە هەڵدەگوازرێن، بەمەش دنیابینیو ئاوەزمەندی دیاریدەکرێتو لەمەوە ئاوەزی مرۆڤ بە هەڵگری جێنەخشی ئەزمون بەرجەستەکراوەوئەمەش بە ناوەڕۆکیی چەمکیی پەسنکراوە"بابەتی ناوەندیی سیمانتیکی درکپێکردن، لێکۆڵینەوەیە لە ڕێکخراوەی چەمکی، پاشان لە ناوەڕکەکانیان، کە سەرئەنجامی ئەزموونو پەیپێبردن"[11]، ئەمەش پەیامی کرۆکیی لێکسیکۆ-سیمانتیکی درکپێکردنە، کە ناسراوە بە توێژینەوەی درکپێکردنی بەرجەستەکراو، لێکەوتەی ئەم گەلاڵەکردنە ئەوەیە، دروستەی چەمکیی سروشتی چەمکەکانی مرۆڤەو بەرەنجامی سروشتی بەرجەستەکردنەکانمانە"سروشتی بە چەمککراوەکان لەسەر بنەمای بەرجەستەکردنە، هۆکاری بەرجەستەکردنەکانیش بە ناوەڕۆکە چەمکییەکان دادەنرێت"[12].

بۆ نموونە بڕوانە، قانع دەنووسێت:

"ئەی وەتەن! باخچەی تەبیعەت کافیە بۆ جەنەتم
مەنزەرەی سوبحی جەمالت، شافیە بۆ میحنەتم
تۆ تەبیبی دەردی دڵمی، بۆیە ڕوو لە سیحەتم
لائەبا بۆنی وەنەوشەی چیمەنت سەد عیلەتم"[13]

بێکەسیش لەسەر هەمان بابەت دەنووسێت:

"ئەی وەتەن مەفتونی تۆم‌و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندیو ئەسارەت پێ بە تەوقو کۆتەوە
من لە زیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبووم واتێنەگەی
حەپسو تێهەڵدانو زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە"[14]

---

[10] نالی ئەدهەم غەریب(٢٠١٦: ٤١).

[11] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[12] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[13] قانع(١٩٧٩: ١٢٣).

[14] بێکەس(٢٠٠٨: ٥٤).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زێوەری شاعیریش نووسیوێتی:

"ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی

مەزرەعەی توخمی نیشاتوباعیسی ژینی منی"[15]

بەرجەستەکردنەکانی شاعیران بۆ وێناکردنی چەمکی( وەتەن)، کەوتۆتە سەر چۆنێتی تێڕوانینو دنیابینیو ئاوەزمەندیی و پەیبردنی ئەوان، بەپێی ئەو زانیاریو کۆزانیارییانەی کە هەیانە، چۆنێتی بژاردەکردنی وشەو دەربڕاوەکانو چۆنێتی سەرەوریزبوونو خستنتەکیان بۆ نواندنی وێنە ئاوەزییەکانیان دەگۆڕێت، بۆیە ئەم بەرجەستەکردنە خودییەو بەپێی تێکردە چەمکییەکان لای کەسەکان جیاواز دەبێت.

٢. دروستەی سیمانتیکیی، دروستەی چەمکییە.

سیمانتیکی درکپێکردن گریمانەی ئەوە دەکات، کە بیروبۆچوونو هەستو چۆنێتی پەیبردنو دنیابینی... و بەرجەستەکردنەکانمان، بە نەرێتی لە زماندا بەکۆدکراوەو لەبەرئەوەیە دروستەی سیمانتیکی هاوتای دروستەی چەمکییە، کە نواندنی کۆزانیاریی دەگرێتەوە، بە واتایەکی تر تێکردە چەمکییەکان، لە پێکهاتەی ناوەوەی دروستەی چەمکدا ناواخنکراونو دەرکردە چەمکییەکان گەواهی ئەم ڕاستییەن. ئەمەش بەومانایە نییە، کە ئەم دوانە پەیکاڵی یەکن، دروستەی سیمانتیکی ئەو چەشنەی چەمکە کە گوزارشتی لێدەکرێت، دروستەی چەمك ئەو کۆزانیارییە گشتییەیە، کە لە ئاوەزدا بەرانبەر هەبووەکان هەن، نموونەش بۆ ئەمە خودی (چەمك) خۆیەتی.بڕوانە چەمکی خودایەتی خودا لای مەحویو بەراوردیبکە بە دروستەی سیمانتیکیەکەی، مەحوی دەنووسێت:

"غەیری ئەمە کە سوێندی درۆی پێ بخۆنو بەس

قوربانی ناوی، ناوی لە ناوا نەما خودا"[16]

٣. نواندنی واتایی، دانشنامەییە/ ئینسکلۆپیدیاییە.

بەمانای ئەوەی نواندی کۆزانیاریی فرە ڕەهەندییەو چەمکی فەرهەنگی گورزەکانی واتا نانوێنن، وەك وشەنامەکان، لەباتی ئەوە ئەمان (خاڵی بەیەکگەیشتنن)، بۆ کۆگاو گەنجی گەورەی کۆزانیاریی، کە پەیوەستە بە چەمکێکی دیاریکراو یان بوارێکی چەمکییەوە، بانگەشەی ئەوەی چەمکە فەرهەنگییەکان خاڵی بەیەکگەیشتنن، خۆیان لە خۆیاندا دانشنامەیی واتایی پێکدەهێنن، ئەمە ئەوە ڕەتناکاتەوە کە وشەکان واتای پەیوەستداری نەرێتیان نییە، بڕوانە ئەحمەد موختار جاف دەنووسێت:

"بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنتان

هەموو ئانو سەعاتێ عەینی قەڵغانو سوپەرتانە"[17]

قانع دەنووسێت:

"ڕۆڵەکەم خوێندن بخوێنە مەکتەبە دەرمانی کورد

---

[15] زێوەر(١٩٨٩:٨٠).

[16] مەحوی

[17] ئەحمەد موختار بەگی جاف(١٩٦٩: ٣٣).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

تێگەیشتن مەرهەمە بۆ زامی بێ سامانی کورد"

پیرەمێردیش دەنووسێت:

"لای من بە خوێندەوارییە،ئاە خوێندەوارییە

هەر میللەتێ کە فەنی نەبێ، دەردی کارییە

ئاخ خوێندنیش وەك من ئارەزووی ئەکەم

ببینم‌و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم"[18]

وشەی (خوێندن) زنجیرەیەك واتای نەرێتی پەیوەستداریی لە خۆیدا ناواخنکردووە(بڕوانە هێڵکاری١)، ئەم واتا نەرێتییە پەیوەستدارە بە هێمای زمانەوانیو گۆکردنی ئاڕاستەکارییو کردەی پێکهاتنی واتایی هەیەو کردەی هەڵاوێرکردن (Selection) بنەمای ئەم پێکهاتنە بەرجەستە دەکات، بەوەی هێما زمانییەکان بەپێی بارودۆخی دەربڕدراوەکان هەڵاوێر دەکرێن، کە ئەمانەش بە تیۆری(سیمانتیکی چوارچێوەییو مەوداکان) شیدەکرێنەوە." سیمانتیکی چوارچێوەیی ڕێگایەکی دیاریکراو بۆ ڕوانین لە واتای وشە پێشکەشدەکات، کە تیایدا سەرجەمی واتای وشە لە دەقدا دەخاتەڕوو، بۆ تێگەیشتنی واتای ئەو وشەیە لەو دەقەداو پێشنیازی تۆڕێکی پەیوەندیی واتایی بۆ هەر دانەیەکی پێکهێنەری دەقێك دەکات"[19]، کە تیایدا نموونەی بنچینەیی پێکهاتەی بنەمایی پۆلەڕەگەزیی چەمکیی پێکدەهێنێت‌و هەردوو زاراوەی پوختە (چەمکی بەهێماکراون بە وشەکان)، بنەما (کۆزانیاری دانشنامەییە) وێناکردنەکانمان بۆ پەسندەکەن.




هێڵکاری(١)

[18] پیرەمێرد/ب١(٢٠٠٩).

[19] نالی ئەدهەم غەریب(٢٠١٦: ٤٧–٤٨).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

واتاکانی چەمکی خوێندن بریتین لە:

١. وانەکەت بخوێنە. (کۆششکردن).
٢. کتێب خوێندنەوە. (گواستنەوەی بیرو واتا).
٣. وانە خوێندن. (فێربوون).
٤. لە ڕواڵەتدا خوێندمەوە کە دەیەوێت چی بڵێت. (تێگەیشتن).
٥. لەیەکتری دەخوێنن. (شەڕەقسە).
٦. وەکو بولبول دەخوێنێت. (ئاواز چڕین).
٧. زۆری لێمەخوێنە، با سەری لێنەشێوێت. (زۆری لەسەر مەڵێ).
٨. ناوەکەت خوێنرایەوە بڕۆ. (بانگکردن).
٩. هیچی لێناخوێنرێتەوە. (هیچی لێهەڵناکرێنرێت).
١٠. نوێژ خوێندن.(کردن)

هەرچی مەوداکانیشە "کۆزانیاریی پاشخانە بۆ نواندی چەمکەکان"[٢٠]بۆ نموونە وشەی (خوێندن) لە نموونەکانی سەرەوەدا کۆمەڵە واتایەکی هەیە، لێرەدا بۆ هەریەك لە وشەکانی (وانە، کتێب، نوێژ،...)، یەك تایبەتێتی چەسپاوو جێگیری دیاریکراوی نییە، بۆیە بۆ زانینی مەبەستی ئاخێوەر، دەبێت کۆزانیاری دانشنامەیی هەریەك لەو وشانە بە کۆزانیاری وشەی (خوێندن) پەیوەستبکەینو بەپێی هەلومەرجەکان هەڵاوێری ئەو واتایە بکەین، کە بارودۆخی وتن تەرخانیدەکاتو بەمشێوەیە واتا پێکدەهێنین.

لەمەوە واتای زمانیی، سروشتێکی ناسەربەخۆشی هەیە، لەگەڵ ئەوەدا دانشنامەییەو ڕەنگدانەوەی شارەزاییو بەکارهێنانی مرۆڤەو پێویستی بە کۆزانیاری جیهانی هەیە، بۆئەمەش وەچە تیۆریی (سیمانتیکی دانشنامەیی) لەناو تیۆری سیمانتیکی درککردندا بۆ پەرەدان بەم ڕێبازە، ژمارەیەك گریمانەی بۆ وردتر پێکهێنانی سیمانتیكو بە کارەکی بەرجەستەکردنی پێشکەشکردووە، بریتین لە:

ا. هیچ بنەمایەکی جیاکاری لەنێوان سیمانتیكو پراگماتیکدا نییە، بۆیە ئەم دوو زانستە کراون بەیەكو بە کۆزانیاری فەرهەنگیی ناوزەدکران.

ب. کۆزانیاری دانشنامەیی بە دروستەکراوەو وایداناوە کۆزانیاری دانشنامەیی لە پێڕەوی کۆزانیاریدا ڕێکخراوەو وەك تۆڕ Network بە دروستەکراوە(بڕوانە هێڵکاری١). خودی نموونەی بنچینەیی(شاوشەیە کە بە کرۆکە واتا[٢١] دانراوە)، یاخود "بەگونجاوترین نموونە بۆ بەرجەستەکردنی هەموو چەشنە لێکچووەکان، بە نموونەی

[٢٠] هەمان سەرچاوە(٤٩).

[٢١] کرۆکە واتا: بە واتای ئاوەزی/هۆشەکی کەرەستە زمانییەکان کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون دانراوە. یان بە واتای وشەیەكو پەیوەندیی بە هەبوویەك (مادیی،مەعنەوی)لە جیهانی دەرەوەدا هەن، دانراوە. ئەم چەشنە بە واتای بنەڕەتی دانراوەو دەبێت هەموو ئاخێوەرانی زمانێك کۆکبوونی هاوبەشیان هەبێت لەسەریو پەیوەستە بە فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤەوە. کرۆکە واتاش بریتییە لە واتای ئەودەربڕاوە زمانییانەی لە واتای وشە پێکهێنەرەکانییەوە بە دەستناخرێت، بە واتای نا-پیتیی دیاریکراون، یاخود ئەو واتایانەیە کە کەرەستە زمانییەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانو فراوانبوونییەوە لە پاڵ کرۆکە واتادا وەریدەگرن. بڕوانە محەمەدی مەحوی(٢٠١٠).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بنچینەیی دانراوە، ئەم شاوشەیە سنوری لێڵەو لەگەڵ پۆلو خێزانەکەیدا/کێلگەکەی چوونیەکن ولەگەڵ تیۆری نیشانەکاندا ڕاستەوانەیە"[22] ، بۆ پەرەدان بە تیۆری تۆڕیی بەکاردەهێنرێت. نموونەی بنچینەییش بەرجەستەکەری نواندنە ئاوەزییەکانن و لەمەوە دارشتەیەکی گەلالەکراوی وەك ڕێبازی نموونەی بنچینەیی – (proto type)، لەسەر واتای وشە هاتە ئاراوەودەبنە پێکهێنەری پۆلەرەگەزی چەمکیی.

پ. واتای دانشنامەیی لەناو بارودۆخەوە هەڵدەگوازرێت. چۆنێتی بەکارهێنانو هۆکارە بارودۆخیەکان بنەمای هەلگواستنی واتای دانشنامەییە بەهۆی هەلاویرکردنەوە، بەواتا هێمای زمانیی بنیاتی ئەو واتایە دەکات، کە لە دەرەنجامی زانیاری بارودۆخەوە هەڵدەگوازرێن،

ت. یەکە فەرهەنگیەکان خاڵی بەیەکگەیشتنن بە کۆزانیاری ئینسکلۆپیدیایی/دانشنامەیی. وشەکان کۆگایەك ، کە گورزی زانیاری وردکراوەی تێدا هەلگیرابێت، بەڵکو بە هەلاویرکردن دەچیتە سەر هەر بەشێکی دیاریکراوی تۆڕی کۆزانیاری دانشنامەیی.

ج. کۆزانیاری دانشنامەیی داینامیکیەو بزواوە. خودی دانشنامەیی بەواتای بزواوی و گۆڕاوی دەگەیەنێت.

٤. پێکهاتەی واتا بەچەمککردنە.

پێکهێنانو بەرهەمهێنانی واتا بەپێی ئەم ڕێبازە بریتیە لە بەچەمککردن، بە واتا هەتا تێکردەی چەمکییو خودی چەمكو دەرکردەی چەمکیی نەبێت، واتا بەرهەمناهێنرێت، بۆیە ئەمان پێیانوایە، زمان/ وشەکان گۆکردنی ئاڕاستەکارانەیان بۆ پێکهێنانی واتا هەیەو لە بنەڕەتدا خودی ئەم وشانە بەکۆدکەری واتا نیین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە واتا لە ئاستی چەمکیدا پێکدەهێنرێتو پێکهێنانی واتا لەگەڵ بەچەمککردندا هاوواتایە، ئەو کردەیەی بۆ (شتێك) یەکەیەکی زمانەوانی داوایدەکات، بریتیە لە دەستەیەك/ ڕستێك لە کردەی چەمکیو بەگەڕخستنی پێشخانی کۆزانیاری...تاد، نەك زمان وەك گورزێك (packaged) بیبیاننوێنێت . بڕوانە نموونەکانی پێشەوە.

**٣/١ ) هێماوواتا :**

هەموو پێڕەوێکی بیریی/واتایی، پێڕەوێکی هێمایی دەینوێنێت، بە واتای ئەوەی هێما زمانییەکان، هەڵگری واتاکانن. لێرەدا دەپرسین، هێماکان چۆن واتاکان لەخۆدەگرن؟ ئایا هێماکان واتاکان بەرهەمدەهێنن، یاخود واتاکان هێماکان دادەڕێژن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرنگە لە پەیوەندیی نێوان(هێما، چەمك، بیر ،واتا) بدوێین.

هێماکان هەڵگری زانیارییەکانن، چەمکی زانیاریی، ئەو گۆشەنیگاو چەندێتیو چۆنێتیو سەرنجو ڕامانو تێبینیوپرسو تێڕوانینانەیە، کە دواجار دەبنە بونیاتی کۆزانیاریو زانینیان پێگەردەندەکرێت. سەرچاوەی زانیارییەکانیش لە ڕێگەی[23]:

[22] Cristiano Broccias:( 2012:5).

[23] شیلان عومەر حسێن(٢٠١٥: ٣).


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ا. ئۆرگانە هەستیەکان، بریتین لە فاکەڵتی هەستەوەرەکانو لەکاردابوونیان، بەواتا کردەی هەستکردنو سەرنجدان لەئەنجامی وروژێنە هەستیەکانەوە بەرهەمدێتو دەبێتە هۆی گەلاڵەبوونی زانیاریی‌و بە زانیاریی هەستیی ناونراوە، وەك بینینی گوڵ زانیارییەکمان دەداتیٚو بۆنکردنی گوڵیش زانیارییەکی تر.

ب. ئەزموون: مەعریفەو دانایی‌وکارامەیی کارەکییە، کە لە واقیعەوە وەرگیراوە، یان کۆکراوەی تێکڕای درککردنەکانمانە، کە بۆچونو دیدگەوتێفکرینمان پێشکەشدەکات. کردە ئاوەزییەکان لە مێشکدا تاوتویٚو چارەسەری هەر زانیارییەکی تێکردە دەکەنو ئەو زانیارییەشی لە ئەزموون وپراکتیزەکردنەوە وەردەگیرێت، بە زانیاریی ئەزموونیی دیاریکراوە، بۆ نموونە لە ئەنجامی جەمبوونی ئەو زانیارییانەی بەهۆی هەستەوەرەکانمانەوە دەربارەی (گوڵ) لامان گەلاڵە دەبێتو تاقیدەکەینەوەو بە ئەزمونیدەکەین، زانیارییەك بەرهەمدێت جیایە لە زانیارییە پێکهێنەرەکانی، بە واتای ئەوەی چەشنی گوڵی وەك(گوڵەباخ، نێرگز، شیلان) هەریەکەیان تایبەتێتی خۆی هەیەو گۆشەنیگای جیاش لای ئەزمونکار بەرهەمدەهێنێت، کە بەهۆی تاقیکردنەوە بۆماندەردەکەوێت.

پ. سۆزداریی: بەو یادگارییەنەی کە لەگەڵ هەبووەکاندا لە ئاوەزماندا تاقتکراون دەوترێت زانیاریی سۆزداریی، وەك گوڵەباخێکت بە دیاریی لای کەسێکەوە بۆ هاتبێتو بە بینیی ئەو یادەوەریەت بیربکەوێتەوە.

ت. پەیپێراو: دیاریکەرو ڕێکخەرو لێکدەرەوەی زانیارییە هەستیی‌و ئەزموونییەکانە، لە پێناو نواندنو تێگەیشتن لەدەوروبەر، هەموو بۆچوونو درککردنەکانو هێماکان، لە پێڕەوی دەمارییەوە وەرگیراون، کە ئەمانیش لە دەرئەنجامی وروژێنەرە فیزیکیەکانی ئۆرگانە هەستیەکانەوە وەدەستدەخرێن، لەخۆ دەگرێت. لە کردەی درککردندا بەهۆی(فێربوون، یادخستنەوە، پێشبینیکردن)پێکدەهێنرێت، بۆ چارەسەری تێکردە هەستییەکان، لە پێناو بنیاتنانی زانیاریی وردتر(کۆزانیاری) ، ئەم زانیارییەی لەم کردە ئاوەزییەدا بەرهەمدەهێنرێت، بە زانیاریی پەیپێبراو دانراوە. پیاجە( قۆناغەکانی گەشەکردنی زانیاریی‌و درکپێکردنی کردووە بە چوار قۆناغەوە: هەستکردن، بیری پێش کردار، هەستکردنو بیرکردنەوەو بیری کرداریی)[٢٤] ، بۆ نمونە بە هاتنی بۆنی نێرگز یان گوڵەباخ لە دورەوە، بەبێ بینینی گوڵەکە خۆی ڕاستەوخۆ درك بەوە دەکەین، کە ئەمە بۆنی چ جۆرە گوڵێکە.

کردەی وەرگرتنی زانیاریی(هەستیی، ئەزموونیی،سۆزدایی، پەپێبراو)، لەڕێی سەرچاوەی زانیارییەکانەوە، کۆزانیاری لێبەرهەمدێت، خودی کۆزانیاریش، لە گردبوونەوەی چەپکە زانیارییەکان پێکهاتووە، بە واتا کۆزانیاریی ئەنجامی زانینە بە شتێك، دیاردەیەك...تادو بە یەکەم قۆناغی ئاستی بیرکردنەوە(ئاستی کارامەییە ئەقڵییە نزمەکان)[٢٥] دانراوە. ئەم چەشنانەی سەرچاوەی زانیاریی(هەستیی، ئەزموونیی‌وسۆزداریی‌و پەیپێبراو)، دوای ئەوەی بە پرۆسە ئاوەزییەکاندا دەبرێنو بە پلەکانی تری بیرکردنەوەدا، وەك(شیکردنەوە، پێکهێنانەوە، هەڵسەنگاندن..)دا سەردەکەون، کە بە(ئاستی کارامەییە ئەقڵییە بەرزەکان)[٢٦]دانراوە، پێکەوە تێڕوانینێك،

[٢٤] ناهیدە ڕەحمان خەلیل(٢٠١٣: ٥٧).

[٢٥] کاوە علی محەمەد(٢٠١٣: ٩٩).

[٢٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دیدگایەك‌و باوەڕێكمان دەربارەی كەسەكان، شتەكانی دەوروبەرو خودی دەورەبەرو ژیان‌و...دەدەنێ، كە بە چەمك ناوبراوە، لەمەوە چەمك درككردنە بە واتای تێگەیشتنمان بە بابەتەكان‌و ئەنجامی ئەو لێكەوتانەیە، كە لە كردەی درككردنمان بە واتای بابەتەكان دەكەونەوە، واتە ئەنجامی تێگەیشتن لە بابەتێك بە چەمك دانراوە، یاخود چەمك بەرەنجامی تێگەیشتنە لە بابەتێك، دیدگەیەكی ئاوەزی گشتیەو پەیوەستە بە هەبووەكانەوە، یان بیرە گشتیەكانە، كە بۆ دیاریكردن‌و ڕێكخستنی ئەزموونەكان بەكاریاندەهێنین. توانست دەگرێتەوەو بە واتای سەرچاوەی نواندنە ئاوەزییەكان دێت، كاتێك چەمكەكان هەبووەكان‌و لە مێشكدا هەن. ئەم چەمكانە/ هەبووە ئاوەزییەكان‌و نواندنی ئاوەزیی(وێنەی ئاوەزیی، پرۆپۆزشن، مۆدێلی ئاوەزیی)لێدەكەوێتەوە، كە وێناكردن‌و نواندنی جیهانە لە ئاوەزداو بە بیر ناسێنراوە، لەبەرئەمەیە بیر بە نێوەندو ڕایەڵەی پەیوەستكردن‌و ئاوێتەكردن‌و كارلێككردنی زمان‌وواقیع دیاریكراوە"وشەكان یەكە پێكهێنەرەكانی زمانن، چەمكەكانیش یەكە پێكهێنەرەكانی بیرن"[27] ، لە زانستی سایكۆلۆژیای دەمارزانی دركپێكردنیدا، بیر بە نواندنی ئاوەزیی وێناكراوە، نواندنی ئاوەزیش[28] (mental representation) بریتیە لەو گریمانانەی، كە هێمای دركپێكردنی ناواخنین‌و واقیعی جیهانی دەرەوە دەنوێنن. یان كۆتا پرۆسەی ئاوەزییە، كە وادەكات ئەو هێمایانە بەكاربهێنرێن، یان وێنەی ئاوەزیی بابەتەكان بەرجەستە بكرێن، تەنانەت توانای ئەوەی هەیە ئەو بابەت یان شتانەی، كە نوێن یاخود نین‌و تاقینەكراونەتەوە بنوێنێت( وەك كەسێك سێ دەستی هەبێت، شوێنێك نەتبینیبێت‌و بیهێنیتە پێشچاوی خۆت)، بە گشتی نواندنی وێنەی ئاوەزیی، بە بیرەكان دانراون، لێرەوە بیر لە ئەنجامی تێكچڕژاوی ئەو چەشنە زانیارییانەو بە جێبەجێكردنی پرۆسە ئاوەزەییەكان لە ئاوەزدا لەدایكدەبێت، پرۆسەكانی گۆڕینی بۆچوونەكانی (چەمك‌وناوەڕۆكەكانی) بۆ قۆناغی پێش دەربڕین بە بیر دانراوە، یان نواندنی ئاوەزی وەك هاوواتایی، بەرانبەر بەو بابەت‌و ڕوداوانەی بەئاوەزی دەنوێنرێن، دانراوە، لە مێشك‌و ئاوەزیی هەر مرۆڤێكدا ناكۆتا بیر هەن، ئەو بیرەی دەپێچێرێتە ناو فۆڕم/هێمایەكی زمانییەوەودەردەبڕێت‌و گوزارشتیپێدەكرێت‌و بەشداری كردەكانی تێگەیشتن‌و بەرهەمهێنان دەكەن بە واتا دیاریكراوە، لەمەشەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسەی، كە ئایا واتاكان فۆڕم/وشەكان بەرهەمدەهێنن؟ یاخود بە پێچەوانەوە؟ لە زانستی زمانی دركپێكردندا فۆڕمی وشەش بە یەكێك لە پێكهاتەكانی خودی چەمك پەسنكراوە، بەوەی ئەم قوتابخانەیە"چەمك بەدەفر/ تیاهەڵگر/ بە قاڵب دەبینێت". واتە لە ناواخنی چەمكدا هەموو (واتا، فۆڕم، سیماو ئەدگارو...تاد)، بەرانبەر بە هەبوویەك لە جیهانی دەرەوەدا هەیەو لەمڕوانگەیەوە چەمك بە دەستنیشانكەری فۆڕم،هێمای وشە دادەنێن"واتا جگە لەوەی دیوی دووەمی وشەیە، لەهەمانكاتدا بنەمای دروستكردنی دیوی یەكەمی وشەشە،كە مەبەست فۆڕمەكەیەتی"[29]، هەموو گوزارشتە جیاوازەكان بە پەسنكردنە ڕێزمانییە جیاوازەكانەوە نموونەن بۆ ئەم بۆچوونە، بڕوانە هێڵكاری(٢).

---

[27] شیلان عومەر حسێن(٢٠١٥: ١١).

[28] www.wikipidia.com.

[29] نالی ئەدهەم غەریب(٢٠١٦: ٣٢).



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




تێکردەی چەمك دەرکردەی چەمك

**هێڵکاری(٢)**

## بەشی دووەم: لێکسکۆ- سیمانتیکی وشە لە ئەدەبی کوردیدا:

### ١/٢) لێکسیمو چەمکی وشە:

هێماکان لە زانستی زماندا بە وشەکان دیاریکراون، وشەکان کەرەستە بنچینەییەکانی زمانن و لەسەر بنەمای ناوەڕۆك کە واتاکانیانە، بە بنەڕەتی واتای زمانیی دانراون و دوو جۆر لێکدانەوەیان بۆ دیاریکراوە[٣٠]: یەکەم: لێکدانەوە بە پێی بنەمای زانستی زمان، وشە وەك دانەیەکی ئاستی زمانیی وەسفکراوە و لەم لایەنەوە چەمکەکەشی خراوەتە ڕوو، بەوەی وشە بچوکترین یەکەیە، کە واتاو ئەرکی لە زماندا هەیە، وشەکان پێگەی سەرەکی هێزو ئاوازن، کە لەوانیشەوە چۆنێتیو شێوازی دەربڕین دروستدەبن و لەئاکامیشدا جیاوازی ئەکسێنتو زارو وەچەزارو دیالێکت لەدایکدەبن.

دووەم: بنەمای پەسنکردنی میتافیزیکیی، وشەکان بە هەڵگرو گوێزەرەوەو پارێزەری بیروبۆچوون و هەستو سۆزو تێگەیشتن لە جیهان و گێڕانەوەی ڕوداوو دەربڕی زادەی ئاوەزی مرۆڤ دانراون، ئەم بنەمایە هەوڵی ئەوە دەدات چۆنیەتی ئەم پەسنکردنە شیبکاتەوە.

بۆ تاوتوێکردنی ئەم بنەمایانەو تێگەیشتن لە چەمکی وشە، دەبێت بنەڕەتی وشەکان دەستنیشانبکەین، کە ئەوانیش لە زانستی زماندا بە لێکسیم ناوبراون، لێکسیم وشەی فەرهەنگین و "یەکەیەکی ئەبستراکتیەو زمانەوانان بۆ ئاماژەدان بە بچوکترین یەکەی جیاکەرەوە، لە سیستمی سیمانتیکی زمانێکدا، بەکاریانهێناوە"[٣١].

[30] Cristiano Broccias, (2012:37).
[31] www.wikipidia.com



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێکسێمەکان یەکەپێکهێنەرەکانی لێکسیکۆنن، ئەو یەکانەی لە لێکسیکۆندا تۆماردەکرێن بە گەنجی وشە دانراون، هەریەك لەو دانانەی گەنجی وشە بە کەرەستەی/یەکەی فەرهەنگی ناسێنراون، دەکرێت لە شێوەی یەك وشە یان دوو وشە یاخود فرە وشەییدا بنوێنرێن، بە واتایەکی تر لێکسیکۆن لە لێکسێمەکان پێکهاتوون. یەکەی بنەڕەتی و ئەبستراکتن لەفەرهەنگی زماندا پێڕستکراون، یان یەکەی واتایین و فۆڕمی وشەیی و فرە وشەییان هەیە و لێکدانەوەی سیمانتیکی و پێڕەوی چەمکییان هەیە.

لێکسێم، بچوکترین یەکەی واتایی زمانن و بە شێوە جیاجیاکانی وشەیەك دەوترێت، کە یەك واتای هەبێت و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، وەك(کردن: دەکەم، ناکەم، کردم، بمکردایە...تاد)، لێکسێم یەکەیەکی ئەبستراکتەو یەکەی بنەڕەتیی واتایە، شاوشەکان کەلە وشەنامەی ئاوەزییدا تۆماردەکرێن بە لێکسێم دانراون، بە واتا ئەم یەکە فەرهەنگییانە/ لێکسێم، یەکەی چەمکیین و تاقتەکەری کۆزانیاریی و دنیابینی و پەیبردن و ئەزمون و...ی مرۆڤە، بۆیە بۆ دیاریکردنی ئاوەزمەندیی و پەیبردن و درککردنی مرۆڤ پێویستمان بە دیاریکردنی لێکسێمەکانە لە کردەی ئاخاوتن، یان نووسیندا، بۆ بە کۆنکرێتکردنی لێکسێمەکان و بەرجەستەکردنیان، یەکەیەکی وەك لێما دیاریکراوە، لێما فۆڕمێکی دیاریکراوی لێکسێمە، کە بە نەرێتی دیاریکراوە بۆ نواندنی فۆڕمێکی پەسەندکراوی لێکسێم و لە وشەنامەکاندا بەپێی ڕیزبەنیی(ا،ب،ت،پ،..)پێڕستدەکرێن، کەواتە لێکسێم یەکەی ئەبستراکت و لە ئاستی لێکسیکۆلۆژیدایە(فەرهەنگناسی) و لێما یەکەیەکی کۆنکرێتە و لە ئاستی لێکسیکۆگرافیدایە(فەرهەنگنووسی)، بۆ وردتر شیکردنەوەی لێکسێمەکان، پێویستە دروستەیان دیاریبکەین و لێکسیمەکان بەوپێیەی وشەکانی فەرهەنگن، لەمەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە واتای وشە، دەبێت پشکنینی فەرهەنگی بۆ دیاریکردنی دەروازەی فەرهەنگی یەکە فەرهەنگیەکان و دیاریکردنی تایبەتیەکانیان بکەین، کە بریتین لە نواندنە ئاوەزییەکانی کردە ئاوەزییەکان، نموونەی بنچینەییەکانیش (proto type) بەرجەستەکەری نواندنە ئاوەزییەکانن، تاقتەکەری درکپێکردنی واتای دانشنامەیین (encyclopedia)، کەواتە چەمکی وشەکان نواندنە ئاوەزییەکانن و پەیبردنەکانمانی لەخۆگرتووە.

**۲/۲ ) دروستەی فەرهەنگیی :**

لێکسکۆلۆژی لێکۆڵینەوەیە لە لێکسیکۆن یان لێکسێم، یان "فێربوونی لێکۆڵینەوە لە واتاو بەکارهێنانەکانی وشەکان بە لێکسیکۆلۆژی دانراوە"[32]. ئەوەی گرنگە لە لێکسیکۆلۆژیدا ئەوەیە، کە سەرمایەی وشەکان یان وشە فەرهەنگییەکان بە سانایی وەك یەکەیەکی دانەبڕاوو دوورەپەرێز لیستنەکراون. کەواتە لێکسیکۆلۆژی گرنگی بە دروستە دەدات و بەو واتایەی لێکسکۆن لە وشە کەڵەکەبووەکان پێکنەهاتووە. کەواتە کرۆکی ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیە لە هێمای زمانەوانی بەگشتی و دروستەی ناوەوەی وشەکان بەتایبەتی، لەبەرئەوەی هەڕەمەکیانە وشە لە لێکسیکۆندا کەڵەکەنابێت، ئەمەئاماژەیە بۆ پێڕەوبەندی لێکسیکۆن و هەموو پێڕەوێکیش خۆی لەیاساو ڕێساو بنەمادا دەبینێتەوە، کە پەیکەری لێکسیکۆن دەنەخشێنن و بە دروستە دیاریکراون،لێکسیکۆن بریتیی نییە لە گەنجینەو کۆگایەکی ئەژمارنەکراوی پەرتەوازەی دابڕاو، ئەو دروستەی هەیەو ڕستێك لە پەیوەندی

---

[32] Max Niemeyer Verlag Tübingen( 1992: 34).


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جۆراوجۆری وابەستەیی‌وتەواوکاریی تانوپۆی تۆڕی نێوان یەکەکانی نەخشاندووە، دوو جۆر لە دروستە لە لێکسیکۆندا جیاکراونەتەوە[٣٣]، بڕوانە هێڵکاری(٣)




هێڵکاری(٣)

نواندنی ناوەکیی فەرهەنگیی، کردەیەکی ئاوەزییانەیەو نواندنی زانیاریی فەرهەنگیی لەخۆدەگرێت، کە هەموو لایەنە دەروونیی‌و کلتوریی‌و کۆمەڵایەتیی‌وجوگرافیی‌و پەروەردەیی‌و مرۆڤناسیی‌و زمانییەکان‌و..تاد، کاریگەرییان لەسەر دەربڕینی ئەو زانیارییانە هەیە دەگرێتەوە، دروستەی دەرەکیی فەرهەنگیی/نواندنی دەرەکیی فەرهەنگیی، ئاماژەیە بۆ ئەو ئاکارو ئەدگارو چالاکییانەی، کە فەرهەنگیی ناوەکیی دەینوێنێت. بە گشتی ڕێزمان بە پێکهاتەکانییەوە نواندنی دیوی دەرەوەی زانیاری فەرهەنگیی بەرجەستە دەکەن. هەموو تیۆرەکانی زانستی زمان بەگشتی، زمانی مرۆیی بۆیەکە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگ(کارنامەو نەخشەو کەتەلۆگی وشەکانی زمان)و ڕێزمان(پێڕەوێکە لەیاسا کە دروستەی جۆنێتی پێکەوەهاتنی وشەکان لە دەربڕاوە واتادارەکان پەسندەکات) شیدەکەنەوەو ئەمەش دەکەوێتە سەر دیاریکردنی ئەو زانیارییانەی لە دەروازەی فەرهەنگیدان.

دەروازەی زانیاریی فەرهەنگیی، زمان ئەو کردە کارایەیە، کە مرۆڤ چ لەگەڵ جیهانی ناوەوەی ناخی خۆیدا بێت یاخود لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا بێت ناتوانێت بەبێ زمان کارەکانی ڕاپەڕێنێت. دەروازەی فەرهەنگیی/ دەروازەی زانیاریی: بریتییە" لە بڕی ئەو زانیارییانەی لە فەرهەنگدا هەن، کە بۆ بە ئاکام گەیاندنی کردەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن داکراوە"[٣٤].تایبەتییەکانی پێکهێنە فەرهەنگییەکان لەدەروازەی فەرهەنگی هەر یەکەیەکی فەرهەنگیدا/لێکسیم ئەم زانیارییە دانشامەییانە هەڵگیراون:

١. زانیاری زمانی: کە ئەم جۆرانە لەخۆ دەگرێت:

---

[٣٣] هەمان سەرچاوە.

[٣٤] بژوێن یەحیا(٢٠١٦: ٩).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١. زانیاریی فۆنۆلۆژی: چۆنێتی خوێندنەوەو سازگەی دەربڕینی دەنگو... دیاریدەکات.

٢. زانیاریی مۆرفۆلۆژی: ئاماژە بە ڕۆنانی ناوەوەی وشەو دیاریکردنی پەیوەندیو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی وشەکانو کردە مۆرفۆلۆژییەکان بەگشتی دەخاتەڕوو.

٣. زانیاریی سینتاکسی: دەستنیشانکردنی پۆلەڕەگەز، ڕادە، توخم، کردە سینتاکسیو مۆرفۆسینتاکسیەکان دەگرێتەوە.

٤. زانیاریی سیمانتیکی: ڕۆڵەواتاییەکان، واتاو نیشانەی واتاییو بەهاکانیانو پەیوەندییە واتاییەکانی، وەك هاوواتاییو دژواتایی... لەخۆدەگرێت.

٥. زانیاریی دروستنوسین: چۆنێتی نوسینو تایبەتێتی پیتیی وشە دەردەخات.

ب. زانیاریی نا- زمانیی، زانیاریی گشتییە پەیوەست بەو لێکسیمەوە، وەك زانیاریی هەستیوئەزموونیو سۆزداریو درککردنیی، ئەمەش لایەنە دەروونیو کلتوریو کۆمەڵایەتیوپەروەردەییو...تاد، دیاریدەکەن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەمکی وشە بەپێی بنەماکانی زانستی زمان، لە دەروازە/ تێکردە فەرهەنگیەکاندا ڕێکخراون، بە واتا فەرهەنگیی ئاوەزی پردی پەیوەستکردنو ڕایەڵەی پێگەیشتنی زمانو کۆزانیارییەو بە زمان دەنوێنرێتو دەردەبڕدرێت، خاڵی پەیوەستکردنی زمانە بە کۆمەڵەوە.نواندنی دروستەی ناوەکیی فەرهەنگیی، کردەیەکی ئاوەزییانەیەو نواندنی زانیاریی فەرهەنگیی لەخۆدەگرێت، کە هەموو لایەنە فەلسەفیو دەروونیو کلتوریو کۆمەڵایەتیوجوگرافیو پەروەردەییو مرۆڤناسییو زمانییەکانو..تاد، کاریگەرییان لەسەر دەربڕینی ئەو زانیارییانە هەیە لەخۆدەگرێت، بەرجەستەکردنی ئەم زانیارییانە و چۆنێتی پەیپێبردنییانو بە چەمککردنیان، لە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری لێکسیکۆ-سیمانتیکی درکپێکردنن. پوختەی ئەم لێکدانانەوە ئەوەیە، زمان/ وشەکان بۆ بەرجەستەکردنی وێنە ئاوەزییەکانو گوزارشتکردنیان مرۆڤ بەرهەمیاندەهێنێت، هەرچی نموونەی بنچینەییە کۆنکرێتکەری لێکسیمەو لەوەشەوە نواندنە ئاوەزییەکان دەنوێنێت، ئەم نواندنە ئاوەزییانە زانیاریی دانشنامەییان هەڵگرتووە، نموونە بنچینەییەکانیش لەناو سیمانتیکی چوارچێوەییدا دەستنیشانکەری کۆزانیاریی دانشنامەییەو لە سیمانتیکی چوارچێوەیدا بەپێی بارودۆخی وتن بەپێی کردەی هەڵاوێرکردن واتا بەرهەمدێت، ئەمەش بەپێی بنەما دەروونییو کلتوریوکۆمەڵایەتیو پەروەردەو ئەزموونی..مرۆڤەکان دەبێت.

**٣/٢ ) ئەدەب و ئاوەزمەندیی :**

ئەدەب وەك کایەکی کاریگەرو بزواوی هەموو کۆمەڵێك ناسراوە، بۆ نەتەوەی کوردو کۆمەڵی کوردیی، ئەدەب ئەو بوارە هەستیارو دیارو گەشەیە، کە جێگەی دامەزراوە مەدەنییو ئایدۆلۆژییو فەلسەفییەکانی گرتۆتەوە. ئەدەب وەك چالاکی/کارایی مرۆیی"یەکێکە لە شێوەکانی گوزارشتکردنی مرۆیی لە هەموو ئەو سۆزو بیرو هەژانو هەڵچوونە مرۆییانەی کە بە شێوەیەکی باڵای نووسین، بە شیعر بێت، یان پەخشان، دەردەبڕێت، بەمەش دەروازەیەك بۆ مرۆڤ دەکاتەوەو تا بتوانێت توانستی گوزارشتکردنی هەبێت لە هەر شتێك کە ناتوانێت بەم ڕێگایە زیاتر، گوزارشتی لێبکات. ئەدەب پەیوەندییەکی توندیی بە زمانەوە هەیە،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نەك هەر ئەوە بەڵکو بەرهەمی ڕاستەقینەی زمانێکی نووسراوو ڕۆشنبیرییەکی تۆمارکراوە"[٣٥]، لەمەوە ئەدەب تێڕوانینو وێناکردنی خودییە بۆ ڕوداوو بابەتو دیاردەکانو کارلێکردنیان، کە ئەمەش بە ئاوەزمەندییو درکپێکردن ناسێنراوەو لەم ڕەهەندەوە لەگەڵ زانستی زمانی درکپێکردندا یەکانگیردەبن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش زانستی درکپێکردنی ئەدەب دێتەئاراوەو بابەتەکانی(دەروونناسیی ئەدەب، کۆمەڵناسیی ئەدەب، دەمارزانیی ئەدەب،پێداگۆکیی ئەدەب، دیداکتیکیی ئەدەب...)لەخۆدەگرێت، کەواتە خودی ئەدەب پێکهاتەیەکی ئاڵۆزو تێکچڕژاوو بەیەکداچووەو بیرو بیرکردنەوەو تێڕامانو ئەزموونو مەعریفەو دنیابینی تانوپۆی ڕایەڵەکانی دەنەخشێننو ڕەنگدانەوەی بەهای کۆمەڵایەتیو دیاردەی کۆمەڵایەتیو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵەنو لەمەشەوە ئەدەب بە ئاوێنەی دنیابینیو ئاوەزمەندیی نەتەوەو کۆمەڵوهۆشیارییان پەسنکراوە"ئەدەب گوزارشتکردنە لە بیری ئومەتو ژیانو بەهاکانیانو بە گوزارشتکردنێکی مێژوویی پێشکەوتووانە دەژمێردرێت، ئەدەب تەنها بۆ چێژو ئارەزوو نییە، بەڵکو ئامانجو مەبەستی ئاگایی نەتەوەییە"[٣٦].

لەمەوە ئەدەب بۆ بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵ، لەگەڵ پەسنکردنی بنەماکانو هۆشیاریی بلاوکردنەوەو بانگەشەکردنو زەمینەسازیی، ڕاستییەکانیان بە تێبینیکردنو تێڕوانینو پەیڕەدنەکانیان دوپاتکردۆتەوەو بە پەیامو مەبەستو ئامانجەوە بەیداخی چاکسازییو گۆڕانکارییان بەرزکردۆتەوە.

بۆ بەرجەستەکردنی درکپێکردنو دنیابینیو ئاوەزمەندیی لە ئەدەبدا، چەمکی(ژن)، لە نموونەی شیعریی وەك پێکهاتەیەکی سەرەکیو بنەڕەتی ئەدەب، بەپێی بنەماکانی درکپێکردن لێکدەدەینەوەو بە بەراوردکردنی تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ ژن بەگشتیو تێڕوانینی شاعیران بۆی چەمکی ژن پەسندەکەین.

**٤/٢ ) درکپێکردنی چەمکی ژن لە ئەدەبدا :**

**٤/٢-١ ) درکپێکردنی چەمکی ژن لە کۆمەڵی کوردیدا :**

پوختەی ئەو زانیارییە پێشینانەی خرایەڕوو، پەیوەست بە دیاریکردنی لێکسیکۆ- سیمانتیکی وشە لە ئەدەبی کوردیدا، بریتیە لە بەیەکداچوونی لێکسیکۆنو کۆزانیاریی دنیاییوزمانیی"ئەگەر باس لە چەمکی وشە بکەین، دەبێت باس لە دوو شت بکەین: لێکسیکۆن/فەرهەنگیی ئاوەزیی، پێڕەوی چەمکیی(بریتیە لە مەعریفەی دنیایی)"[٣٧]. لەمڕوانگەیەشەوە بۆ پەسنکردنی چەمکی(ژن)، دەبێت کۆزانیاریی دانشنامەیی بە نموونەی بنچینەیی (ژن)، بە تۆڕی تیشکدەرەوەیی پەسنبکەین، بڕوانە نموونەو هێڵکاری(٤)

١. (مرۆڤ).
٢. (توخمی مێ).
٣. ژن هاوژینی پیاوە.(تەواوکاریی).
٤. کابان/کەیبانوو(خانمی گەورە).

[٣٥] هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن(٢٠١٣: ١٣٧).
[٣٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو( ١٤٢ – ١٤٣).
[٣٧] شیلان ئەحمەد ئیسماعیل(٢٠١٥: ٥٦).


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥. (شێرە ژن (سیفاتی پیاوەتی، زرنگی، کارامەیی)..).
٦. (مامۆستا/پەروەردە).
٧. (بەرپرسیارێتی (ژنو مێردایەتی) هاوئەركو هاو ماف).
٨. (دایکایەتی).
٩. ( ئاوەدانی)
١٠. (سەرچاوەی جوانی).
١١. (خۆشەویستیو بەخشندەییو میهرەبانییو خۆنەویستی)
١٢. ( ناسکی هەستو نەستوجەستە).




هێڵکاری(٤)

١٣. بۆ دیاریکردنی دنیابینی کۆمەڵو تێڕوانیان بۆ ژن، کە خۆی لە چەمکی ژندا دەبینێتەوە، گرنگە ڕەفتاری کۆمەلأیەتی کۆمەڵی کوردیی پەیوەست بە ژنو تێڕوانیان دیاریبکەین، تا بەهۆیە بەهای ژن پەسنبکەینو پاشان تێڕوانینو دنیابینی شاعیران لەڕێی شیعرەکانیان بەبەراورد بە بەهای ژن لەکۆمەڵدا پەسنبکەین.

ڕەفتاری کۆمەلأیەتیی بەوکارو ڕوداوو و چالاکییانە دەوترێت، کە تاك بە ئاکامیاندەگەیەنێتودووجۆر ڕەفتار دیاریکراون[٣٨]، هەرچی ڕەفتاری ڕوکەشانەیە، وەك شێوازی ئاخاوتنو گوزارشتکردن، جۆرو واتای وشەبەکارهاتووەکان، ئاماژەکردنو جوڵە، جۆری جلوبەرگ...، دەستنیشانکەری ڕەفتاری ناوەکییانەیە، کە پرۆسەی ئاوەزیی تاك، شێوەی بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوەو ڕامانو درکو ئەندێشەکردن، پەیبردنو...تاد، کە ڕاستەوخۆ هەستیانپێناکرێتو لەڕێی لێکەوتەکانەوە پەییانپیدەبرێت. خودی ئەم ڕەفتارانەش کردەی

[٣٨] هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن(٢٠١٣: ١٣٩–١٤٠).


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

كۆمەڵایەتیی پێكدەهێنن‌و دیاردەی كۆمەڵایەتیی لێدەكەوێتەوە، خودی دیاردەكانیش بە دیاردەی فیسۆلۆژیی، دەروونییەوە، خودكردن، بەواتا مۆركێكی تایبەتیان هەیەو سەرچاوەكەیان تاكە نەك كۆمەڵ، بە واتا دیاردەی كۆمەڵایەتیی بینینی بابەتەكانە بە چاوی خودو وێناكردنیانە لە ڕوانگەیەی خودییەوە. ئەم تێڕوانین‌و وێناكردن‌و تایبەتییانەش، كە دەخوازرێن‌وكۆكبوونی كۆمەڵایەتیی لەسەر دەبێت لەناو جڤاتێكی مرۆییدا، دەبنە بنەما بۆ داڕشتنی بەهای كۆمەڵایەتیی‌و خودی بەهای كۆمەڵایەتیی ئەو گروپ‌و جڤات‌و كۆمەڵە پەسندەكەن.

چەمكی ژن ئەگەر وەك ڕەفتاری كۆمەڵایەتیی لێبڕوانین، ئەم تێڕوانین‌و وێناكردن‌و پەیبردن‌وكۆزانیارییانە، لە كۆمەڵی كوردیدا بەپێی ئەو پەسنكردن‌و وەسفانەی شاعیران‌و بیرمەندەكان بۆیانكردووین، بەدیكراوە، بڕوانە هێڵكاری(٥):

١. ژن، وەك مرۆڤ تەماشانەكراوە"شارستانێتی نوێ لە دەرەتانێكی زۆر تەسكدا نەبێ هێشتا جێ بیری خۆی لە ژیانی ئافرەتی كوردستان‌و بەتایبەتی ئافرەتی چینە ڕەنجبەرەكانیدا نەكردۆتەوە"[٣٩]. وەك قانع دەنووسێت:

"ئێمە ناوێرین بڵێین ئینسانین
دایكی دواڕۆژ، دەستەی لاوانین
حیسابمان بۆبكەن، بۆ هەڵبژاردن
ڕۆژی ئینتیخاب، بۆ وەكیل ناردن"[٤٠]

٢. ژن وەك كۆیلەو بەندە تێڕوانراوە" سەرەتای سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی ژن ئەبەنەوە سەردەمی پەیدابوونی ڕژێمی بەندایەتی، لە سەردەمەدا تەنها پیاو بەرهەمهێنەری بنجی ئەسڵی بووە و لەوكاتەدا بووە ژن بوە بەدیلی چوار دیواری ماڵەوە"[٤١]. قانع دەنووسێت:

"خەم مەخۆ خوا لەسەر كەرەم بێ
كوڕیش ئەبێ خاترت جەم بێ
بۆ ئیشی ناوماڵ بۆ هاتووچۆی دەر
ئەمیش پێویستە لە جێی كارەكەر
سەدساڵ نەخۆش بێ، نابینێ دەرمان
لە جێ ی دڵخۆشی هەر چەپۆك لێدان"[٤٢]

لەمەشەوە دەتوانین تێڕوانینێكی تر بۆ چەمكی ژن دیاریبكەین، كە ڕەسەن نەبووەو بە سەرچاوەوبنەمای ژین‌و ژیان‌وزیندوێتی نەزانراوە.

---

[٣٩] گاهر محمد علی(٢٠١٣: ٦٢).

[٤٠] قانع(١٩٧٩: ٢٦٦).

[٤١] كوردستان موكریانی(١٩٨٠: ٥).

[٤٢] قانع(١٩٨٤: ٣٠٨).



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣. ژن بە ناهۆشیارو نەخوێندەوارو ناڕۆشنبیردانراوە، ئەمەش وایکردووە بەجیاواز لە پیاو تەماشای بکرێتو بە نەزان تەماشای کراوە، هەربۆیە چوونە بەرخوێندنو بەشدارییپێکردنو...بۆ ژن بە نەنگییو شورەیی دانراوە. قانع دەنووسێت:

" ئەر بڵێم ئەمشەو ئەچمە سینەما

ئەڵێن تۆ کچی حەیات بۆ نەما"[43]

٤. ژن نابێت سەربەستو سەربەخۆ بێت، نابێت خاوەن تێڕوانینو بیرو بیرکردنەوەو پەیام بێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بابەتێکی وەك باسی مافو ئەرکی ئافرەت نەبووە.قانع دەنووسێت:

"هەتا منالێین زەلیلو خوارین

عاجزو مەلول، دایم خەمبارین"[44]

٥. بە نەریتی ڕوانراوەتە چەمکی ژن لە کۆمەڵی ئێمەدا، ئەمەش بەتەواوی هەر بە لەدایکبوونی ڕەشبینیو بێزاراوییو خەمناکی لە خێزاندا دروستکردووە. وەك قانع دەنووسێت:

" کچە بەستەزمان دەوری ژیانی

سینەمایێکە ئەگەر بیزانی

کە لەدایك بوو، ئاهەنگیی نیە

ئەڵێن ئای کچە، فائیدەی چی یە"[45]

٦. ژن وەك کالاً مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەویش لە پرسەکانی بەشوودانو ڕاوەرنەگرتنوگرنگی پێنەدانو..دەردەکەوێت. لەم لایەنەشەوە قانع پەسنی دیاردەکان دەکاتو دەنووسێت:

"کچ هاوار ئەکا، ئەڵێ کاك مەلا

پەناو بۆ هانیت ئەی مەردی خودا

مەیەڵە بمدا بەم کابرا کەرە

لە عەقڵو زانین زۆر بێ خەبەرە

مارەی ئەبڕێ، ئەمجا مامۆستا

بێ ئیجازەی شەرع، بێ ئیزنی خودا

مەلا! دەك کوێربی، بۆ زوهدو وەرعت

دەك پشتت شکێ، بۆئیجرای شەرعت"[46]

٧. ژن بە پلەدوو تەماشاکراوەو بۆی نەبووە هیچ جۆرە چالاکییەکی هەبێت.

٨. ژن مامەڵەی بازرگانی پێوەکراوە، وەك دیاردەکانی مارەبڕینو شیربایيو...قانع دەنووسێت:

---

[43] قانع(١٩٧٩: ٢٦٦).

[44] هەمان سەرچاوە(٢٦٥).

[45] قانع(١٩٨٤: ٣٠٨).

[46] قانع(١٩٧٩: ٣١٤).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"با، بێمە سەر باسی ژن مارە بڕین
نەك مارە بڕین، بە پارە کڕین
جاران ڕەسم بوو، ژن بە خۆڕایی
شەرعەن حەرام بوو پارەی شیربایی"[٤٧]

٩. وێناکردنی چەمکی ژن وەك کائینێکی غەریزی. هێمن دەنووسێت:

" "فێڕ"ت لێ نەدا، بسکەکەت لوولە
ڕێژیمت نەگرت، بەژنت وەك توولە
لاجانگت وەکوو گزنگی تاوێ
هەر بۆ خۆی جوانە، تیف تیفەی ناوێ
کولمەکەت وەکو گولاڵەی گەشە
بێ سورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە"[٤٨]

ئەحمەد موختار جاف دەنووسێت:

"شاعیرانی کورد: بەسە بەس باسی زوڵفو چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەمو کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول، یالقی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵ سووتاو بکەن"[٤٩]




**هێڵکاری**( ٥ )

[٤٧] قانع(١٩٧٩: ٣١٢).
[٤٨] هێمن(٢٠٠٨: ١٠٦-١٠٧).
[٤٩] ئەحمەد مەختار جاف(١٩٨٦: ٣٤).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢-٤/٢ ) وێناكردنی چەمكی ژن لای شاعیران:**

ئەوەی جێی سەرنجو تێڕامانو وردبوونەوە بووە، ئەوەیە كە شاعیران بوێرانە، مەردانە، خەمخۆرانە، ڕەفتارو دیاردە كۆمەلایەتییەكانیان وەسفكردووەو پەردەیان لەسەر هەموونەریتە ناشرینو نامرۆییەكانیان لاداوەو هۆكارو چارەسەرو ڕێگاكانی گەیشتن بە ژیارىو شارستانیو مەدەنییو بەختەوەریی پەسنكردووە(بڕوانە هێلكاری(٥))، بە تایبەت پەیوەست بە ژنو بەهاو پێگەی ژن، شاعیران پێچەوانەی ئەودنیابینییەی، كە كۆمەل هەیبووە بەرانبەر چەمكی ژن، ئەمان بانگەشەی ئەوەیان كردووە، كە:

١. ژن سەرچاوەی ژیانو بوونە. ژن بە سونبول بۆ ژیاندۆستی وڕێبەروجلەوگیری ژیان دانراوە، نالی دەنووسێت:

" حالێ بكە بە خوفیە: كە ئەی یاری سەنگ دڵ

"نالی: لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور.."[٥٠]

لێرەدا جیا لەو لێكدانەوانەی بۆ ئەم دوو نیوە دێڕە كراوە، بەوەی باس لە یارێكی دلڕەق دەكات، لە تێكڕای وردبوونەوە لە م چامەیەی نالیو هەموو شیعرەكانی تریو ژیننامەی، ئەم دوو نیوە دێڕە، ئەم ڕاڤەیە هەلدەگرێتو لەگەڵ دنیابینیو بیركردنەوەی بالآو كۆزانیاریی فراوانی نالیدا زیاتر دەگونجێت، بەوەی دەربڕاوی(سەنگ دڵ)، مەبەست پێی ئەو كەسەیە كە جڵەوی دڵو بوونی نالی گرتووەو بەوەی چواندوێتی بەو سەنگ/بەردەی كاتی خۆی بۆ پارسەنگگرتنولاسەنگ نەبوونی ئاژەڵی بارهەڵگر بەكارهێنراوە، تا ئەگەر لایەكی قورستربێت لەلاكەی تری بەمە هاوسەنگكراوەتەوەو ئەو ئاژەڵە توانیوێتی بە دروستی ڕێبكات، ئەمەش ئەو وێنە ئاوەزییە بالآیەیە، كە نالی بەرانبەر بە ژن هەیبووە، ئەمە جگە لەوەی بە درێژایی ئەو هەواڵپرسینو باسكردنو وەسفانەدا، كە لە چامەكەدا كردوونی هەمووی دەكاتە خاتری ژنێك كەبەسەرچاوەی ژیاندۆستیو بەختەوەری دناوە.

٢. ژن وەك مرۆڤ تەماشایكراوە، وەك كائینێكی مرۆیی نەك وەك كائینێكی غەریزیی.هێمن دەنووسێت:

"كچی هەموو كەس ئەمڕۆ سەربەستە

هەر هەقی كچی كوردە پێ بەستە

بپسێنە لە پێ تۆ زنجیرو كۆت

دێدە گیان بدە یاری برای خۆت"[٥١]

٣. بەبێ ژن هەرگیز نەتەوەومیللەتان سەرناكەونو ژن شانبەشانی پیاو، بنەمای دروستكردنی ژیارییو شارستانیەتە. بە واتا پێگەی ژن وەك هاوتای پیاو تەماشاكراوە. وەك بێكەسی شاعیر دەنووسێت:

---

[٥٠] نالی(٢٠٠١: ٢٠٦).

[٥١] هێمن(٢٠٠٨: ٩١).

"نێرومێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لە دیلی، مەل بەباڵێ نافڕێ
هەوڵی ڕاستی هەردوولا ئامانجی میللەت سەرئەخا
چونکە مەعلومە بەیەك دەس چەپڵە قەت لێنادرێ"

٤. ژن ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەو بەرخودانو فیداکارییو قوربانیدانە. وەك پیرەمێردی شاعیر دەنووسێت:
"ژن شەریکی ژینی پیاوە
نەك خەریکی بەردودار"[٥٢]
یاخود دەنووسێت:
"تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە، سنگی کچان بێ، لە هەڵمەتا"[٥٣]

٥. بەشدارپێکردنی ژن لە هەموو کایەکاندا، وەك(خوێندن، ڕۆشنبیری،سیاسی..). قانع دەنووسێت:
"هیچ خەفەت مەخۆن دنیا گۆڕاوە
کورد لەخەو چاوی چاك هەڵهێناوە
پێتان ئەخوێنن، زۆر بە ئارەزوو
بە مەیلی خۆتان، ئەتان دەن بەشوو"[٥٤]
پیرەمێدیش دەنووسێت:
"ئەی کچینە وەرنە مەکتەب
ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغو تەرەقین
ڕەونەقی دەستەی گوڵن"[٥٥]

٦. پێدانی سەربەستو ئازادی بۆ ژن بەتایبەت لەو پرسو بابەتانەی پەیوەستە بە خودی خۆیانەوە تا پرسی گشتی.

[٥٢] پیرەمێرد(٢٠٠٩: ٣٦٧).
[٥٣] پیرەمێر(٢٠٠٩: ١٥٢).
[٥٤] قانع(١٩٧٩: ٢٦٧).
[٥٥] پیرەمێرد(٢٠٠٩: ٣٦٧).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٧. لەمرۆڤانیناشەوە بە ئەرێنی لە ژنو هەوڵو کۆششەکانی ڕوانیویانە. هێمنی شاعیر دەنووسێت:

"ئەی کچی جوان!کچی لەبار!

ئەی کچی زاناو خوێندەوار!

ئەی گولاڵەی نواڵی کوێستان!

مایەی شانازی کوردستان

تیشکی هیوای دوارۆژی ڕوون

سارێژکەری زامەی دەروون"[٥٦]




لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی جۆراوجۆرێتی کۆزانیاری دەکەوێتە سەر چۆنێتی پەیبردن بە زانیارییەکانو لێکدانەوە لۆژیکیەکانو.. کردە ئاوەزییەکانی، بە هێماکردنی وێناکردنو نواندنە ئاوەزییەکان لەلایەن شاعیرانەوە، لەلایەك پەسنکردنی کۆمەڵو سەردەمەکەیانەو لەلایەکی تریشەوە دنیابینو پەیبردنو تێڕوانینوبەچەمککردنەکانیان ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە ئەوان بیرکردنەوەیەکی باڵایان هەبووەوبە ئاستی کارامەیی هزرو ژیرییە بەرزوباڵاکان ناوزەدبکەین.

[٥٦] هێمن(٢٠٠٨: ٢٠٢).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

١. لە لێکسیکۆ-سیماتیکی درکپێکردندا، وشە زمانییەکان خاڵی ڕێنویکردنن بۆ بەرجەستەکردنی نواندنی ئاوەزییو وێناکردنەکانمان، وشە گوزارشت لە نواندنی ئاوەزیی دەکات، لەبەرئەوە بۆ دەستنیشانکردنی وێناکردنەکان دەبێت هەموو دەقەکە لەبەرچاو بگیرێت.

٢. وشەکان، یەکە فەرهەنگییەکان دەنوێنن، یەکە فەرهەنگییەکانیش(لێکسێم)، کە یەکەی پێکهێنەری لێکسیکۆنن، کۆگاو گەنجینەی هەموو زانیارییەکانە(زمانیونازمانی).

٣. درکپێکردنی پەیبردنو کۆزانیاریو بیرکردنەوەی شاعیران دەکەوێتە سەر، چۆنێتی نواندو گوزارشتکردن بە وشە، لەو وێناکردنو وێنە ئاوەزییانەی کە لە ئاوەزیاندا بەرانبەر بە جیهانی دەرەوە هەیانە، ئەویش دەکەوێتە سەر چۆنێتی بەرجەستەکردنیان.

٤. چەمکی(ژن)، وەك نموونەیەکی کارەکیی بۆ دیاریکردنی ئاوەزمەندیی وشە لە ئەدەبدا بەرجەستەکراوە، بە هۆیەوە تێڕوانینو پەیبردنی کۆمەڵ لەلایەكو دنیابینیو درکپێکردنی شاعیران لەلایەکی ترەوە پەیوەست بەم بابەتەوە پەسنکراوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوە


أ. بە زمانی کوردیی:

١. بژوێن یەحیا محەمەد، نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٦، سلێمانی.

٢. شیلان ئەحمەد ئیسماعیل، تێکردە بیرییەکان لە پەیکاڵبوونی فۆڕم‌و واتادا، ٢٠٥، سلێمانی.

٣. ا. شیلان عومەر حسێن، پەیوەندیی سینتاکس‌و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا،٢٠١١، سلێمانی.

ب. شیلان عومەر حسێن، زمان‌و پەرەپێدانی مرۆیی،٢٠١٥، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،ژ٣٥.

پ. شیلان عومەر حسێن، ئاوەزمەندیی گەنجی وشە لە نێوان زمانی کوردی‌و فارسیدا،٢٠١٧، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ ٥٢.

٤. طاهر محمد علی، قانع ژیان‌و بەرهەمی، ٢٠١٣، سلێمانی.

٥. کاوە عەلی محەمەد،ڕەچاوکردنی ئامانجە پەروەردەییە هزرییەکان بەپێی پۆلێنی بلۆم،٢٠١٣،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.٤٠

٦. کوردستان موکریانی، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، ١٩٨٠، هەولێر.

٧. محەمەدی مەحوی، زانستی هێماو هێما لێکدانەوە، ٢٠١٠، سلێمانی.

٨. نالی ئەدهەم غەریب، درکپێکردنی مێتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٦، سلێمانی.

٩. ناهیدە ڕەحمان خەلیل، پرۆسە سایکۆ-فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا،٢٠١٣، سلێمانی.

١٠. نەریمان حەسەن حەمەکەریم، دروستەی سیمانتیك لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٥، سلێمانی.

١١. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، ئەدەب‌و ژیانی مەدەنییەت، ٢٠١٣، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

ب. دیوانی شاعیران:

١. دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ١٩٦٩

٢. دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٩.

٣. دیوانی زێوەر، ١٩٨٩.

٤. دیوانی فایەق بێکەس، ٢٠٠٨.

٥. دیوانی قانع، ١٩٧٩ ، ١٩٨٤.

٦. دیوانی مەحوی.

٧. دیوانی نالی، ٢٠٠١.

٨. دیوانی هێمن، ٢٠٠٨.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پ. بە زمانی ئینگلیزی:

1. Cristiano Broccias, Cognitive Lexical Semantics, 2012.
2. D. Lewis, General Semantics, 1970
3. Peter Gärden for, Cognitive Semantics and Image Schemas with forces.
4. Max Niemeyer Verlag Tübingen, 1992.
5. Miriam R. L. Petruck, Frame Semantics. University of California.
6. Vyvyan Evans & Benjamin. K & J. Zinken, The Cognitive Linguistics Enterprise: an overview, 2013.
7. Vyvyan Evans,2013 Towards a cognitive compositional semantics: An overview of LCCM Theory. University of Sussex, UK.
8. Leonhard Lipka, An Outline of English Lexicology, Lexical Structure, Word Semantics,and Word-Formation,Second Edition Max Niemeyer Verlag Tübingen 1992.
9. www.wikipidia.com.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)